# دانانی وەرگێڕی كارەبایی ( كۆنڤێرتەر) دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگ ( سەرەكی)




# FCC Consumer Facts



**وایەری یەك تەوەرە**

ئەم لاپەڕەی زانیاریەكان(Fact Sheet) باسی دانانی وەرگێڕی كارەبایی ( كۆنڤێرتەر) دیجیتاڵ بۆ ئەنەلۆگ دەكات لەگەڵ ئەنتێنا و تەلەفزیۆنە ئەنەلۆگەكەت. ئەم نامیلكەیە یارمەتیت دەدات لە ئامادە كردنی بۆ ئەوەی لەكاتی كڕینی وەرگێڕێكی كارەبایی تۆ بزانیت چاوەڕوانی چی دەكەیت وەیان ئاخۆ تۆ پێویستیت بە یارمەتی هەیە بۆ دانان و دامەزراندنی ئەم وەرگێڕەكە كارەبایە( كۆنڤێرتەر).

**كەرستەكان**: تۆ پێویستیت بە تەلەفزیۆنێكی ئەنەلۆگ هەیە ، لەگەڵ ئەو ئەنێتێنایەی كەوا تا ئێستا بەكارت هێناوە( ئەنتێنای دەرەوە یان ذوورەوە) و وایەرە یەك تەوەرەكە كەوا تەلەفزیۆنەكەت دەبەستێت بە ئەنتێنایەكەت ( هەروەك لە وێنەی دەستە ڕاست دیارە) . وەرگێڕە كارەبایە ( كۆنڤێرتەر) نوێیەكەت لەگەڵ وایەرە یەك تەوەرە و ریمۆت كۆنترۆڵەكەت دەبەسترێت. پێش دەست پێكردنی بە دانانی وەرگێڕە كارەبایەكە ، دەبێت تۆ وایەری كارەبایی تەلەفزیۆنەكەت دەر بهێنیت.

| | |
|---|---|
|  | هەنگاوی ❶ وایەری ئەنتێناكەت لەپلاكی تەلەفزیۆنەكەت " شوێنی ئەنتێنا( RF)" دەربهێنە . |
|  | هەنگاوی ❷ وایەرەیە یەك تەوەرەكەت لەناو پلاكی " شوێنی ئەنتێنا( RF)" لەسەر وەرگێڕی كارەبایی دابنێ. |
|  | هەنگاوی ❸ بەبەكار هێنانی وایەرەیە یەك تەوەرەكەت كەوا دێتە ناو وەرگێڕە كارەبایەكەت ، سەرێكی وایەرەكە بخە ناو پلاكی " لەدەرەوە بۆ ناو تەلەفزیۆن " "RF" لەسەر وەرگێڕە كارەبایەكە. سەرەكەی تری وایەرەكە لەناو پلاكی " شوێنی ئەنتێنا( RF)" لەسەر تەلەفزیۆنەكەت دابنێ. |

هەنگاوی❹ وایەرەكانی ووزەی كارەبایی وەرگێڕە كارەبایەكە و تەلەفزیۆنەكەت لەناو پلاكی سەرچاوەی كارەبا دابنێ ، پاشان تەلەفزیۆنەكەت و وەرگێڕە كارەبایەكەت پێبكە. بەبەكار هێنانی ڕێنمایەكانی وەرگێڕە كارەبایەكە، تەلەفیزیۆنەكەت بخە سەر كەناڵەكانی 3 یان 4. بەبەكارهێنانی ئەم ریموت كۆنترۆڵەی كەوا لەگەڵ وەرگێڕە كارەبایەكە دایە، ڕێبەرەكانی ڕێكخستن كەلەسەر شاشە بەدیار دەكەون جێ بەجێ بكە بۆ گەڕان بەدوای ئەم كەناڵانەی DTV كە هەنە وە كاتێكی خۆش بەسەر ببە لەگەڵ سوودەكانی تەلەفزیۆنی دیجیتاڵی!

- ئەگەر وەرگێڕە كارەبایەكەت ( كۆنڤێرتەر) تایبەتمەندی " ڕێڕەوەی چوونەناوەوەی ئەنەلۆگی" هەبوو ، ئەوا ئەم دانانە ڕێگەت پێدەدات هەرووێستگەیەكی تەلەفزیۆنی سەیر بكەیت كەوا بە سیسەتەمی ئەنەلۆگی لەناوچەی تۆ پەخش دەكرێت. ئەم ڕێنمایانە جێ بەجێ بكە كەوا لەگەڵ وەرگێڕە كارەبایەكەت( كونڤێرتەر) دایە بۆ چۆنیەتی گەڕان بەدوای كەناڵەكان.
- بۆ دەست كەوتنی ڕێنمایی زیاتر دەربارەی چۆنیەتی بەستنی وەرگێڕە كارەبایەكەت ئەگەر تایبەتمەندێتی " ڕێڕەوەی چوونەناوەوەی ئەنەلۆگی" لەگەڵدا نەبوو یان بۆ دەست كەوتنی ڕێنمایی دەربارەی چۆنیەتی بەستنی وەرگێڕە كارەبایەكەت لەگەڵ پێكهاتەكانی تر وەكو VCR، ئەوا سەردانیwww.dtv.gov بكە وەیان پەیوەندی بكە بە FCC بەناردنی ئیمەیل بۆ dtvinfo@fcc.gov: وەیان بەتەلەفۆن (1-888-225-5322) 1-888-CALL-FCC دەنگ وەیان .TTY (1-888-835-5322) 1-888-TELL-FCC

ئەم دۆكیومێنتە تەنها بۆ مەبەستی فێركردنی بەكارهێنەران دانراوە وە نەك بۆ كاریگەری خستنە سەر هەر هەنگاو یان حالەتێك كەوا پەیوەندی بەباتەوەكەوە وەیان بابەتی پەیوەندیداری هاوشێوەوە هەبێت

*06/09/08*